بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ١٤ ) ساڵی ٢٠٠٧

## یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٧ ) لە ١٥ / ٥ / ٢٠٠٧ بریارمان دا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە( ١٢ )ی ساڵی ٢٠٠٧

## یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم** : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:وەزارەت** : وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی.

**چوارەم: بریکاری وەزارەت** : بریکاری وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی.

**پێنجەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی.

### -کار وئەرکەکانی وەزارەت-

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم کار و ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** بەرجەستەکردنی بەها مرۆڤایەتی یەکانی کار و پشتگیریی و چاودێری کردنی بەو ناوەی کە کۆڵەکەیەکی بنەرەتی یە لە هێنانەدی ئەو راپەرینەی کە هەرێم لە هەموو مەیدانەکان دا بە خۆیەوە دەبینێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

**دووەم:** کارکردن لە پێناوی ئەوەی هەموو کرێکارەکان بیمی کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە و چاودێری کۆمەڵایەتی پێویست بۆ خۆیان وخێزانەکانیان دابین بکرێ.

www.mojkurdistan.com

**سێیەم**: فەراهەم کردنی دەرفەتی کاری هاوشان لە بەردەم هەر کەسێکی توانای هەبێ، بەو ناوەی کـە کـار ماف و ئەرکێکە پێویست دەکات بەشداریی لـە بنیاتنـانی کۆمـەڵگا و پەرەپێدانی بکـات وکـار لـە پێناوی چارەسەر کردنی دیاردەی بێ کاری بکات.

**چوارەم**: بڵاوکردنەوەی هوشیاریی پیشەیی بە جۆرێکی وا پاراستنی مرۆڤـ و شوێنی کار و پاراستنی ئامێر دەستە بەربکات و سنوورێك بۆ رووداو و پێکاوەکانی کارکردن و نەخۆشی یـەکانی پیـشە دابـنێ و بەشداریی لە ئامادەکردنی کادیری پیشەیی بە هاوئاهەنگی لەگـەڵ وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان دا بکات.

**پێنجـەم**: ئـەو پـەڕی بایـەخ بـدرێت بـە پرۆسـەی خۆپاراسـتن لـە کـەتنکردن وچـاودێری ئەوخێزانانـەش بکـرێ کـە کێـشەی کۆمەڵایـەتیان هەیـە و دەسـتیان بگـیرێ بـە جۆرێـك کـە بکەونـە بـارێکی گونجـاوی وا کـە بتـوانن بەهۆشـیاری و دڵـسۆزی بەشـداریی لـە بنیاتنـانی کۆمـەڵگا بکـەن وکار لە پێناوی نەهێشـتن وچـارەسەرکـردنی دیـاردەی دەرۆزەکـردن بکەن.

**شەشەم**: گەشە پێدانی کۆمـەڵگا بـەجۆرێکی وا کـە بەشداری یـەکی کاریگـەر لـە پرۆسـەی گۆڕانکـاری یـە دیمـوکراتی یـەکان دا بکـەن و رێـز لـە مافـەکانی مرۆڤـ بگـرن لـە رێگـەی گـۆڕینی ئـەو دیـاردە کۆمەڵایەتییانەی کە رێگە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگا دەگرن.

**حەوتـەم**: شـیاندنی منـداڵ وخـاوەن پێویـستی یـە تایبـەتی یـەکان لـە رووی پـەروەردەیی و پیـشەیی و کۆمەڵایەتی یەوە، بـە جـۆرێکی وا کـە بەشـداریی کردنیـان لـە پرۆسـەی گەشەسـەندن وئـاوەدان کردنەوە و نەهێشتنی کاریگەریی سایکۆلۆجی وکۆمەڵایەتی دابین بکات،کەرێ لەو بەشداربوونەیان دەگرن.

**هەشتەم**: گرنگـی دان بـە خێزانـی قوربانییـانی پرۆسـەکانی ئـەنفال وکیمیابـاران ودابـین کردنـی چـاودێری کۆمەڵایەتی وسایکۆلۆجی پێویست بۆیان، بە جۆرێکی وا کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو کارەساتانەی لەسەریان هاتووە وئەمەش بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دا دەبێ.

**نۆیەم**: شـیاندنی هاووڵاتییـان لـە رووی پیـشەیی وکۆمەڵایـەتی لـە رێگـەی یارمەتیـدانیان بـۆ بـەرپاکردنی پرۆژەی بەرهەمهێنی خێزانی یەوە.

**دەیەم**: کـارکردن بـۆ هوشـیار کردنـەوەی کۆمـەڵگا و بڵاوکردنـەوەی پرەنـسیپ و بـەهای بـاش لـە رێگـەی کردنـەوەی خـول وسـەردانی مەیـدانی بـۆ خێـزان بـە بەشـداریی کردنـی هۆیـە هەمـە جۆرەکـانی راگەیاندن.

**یازدەم**: پێش کەش کردنی یارمەتی دارایی پێویست بۆ ئەو دەست کورت و هەژارانەی کە ناتوانن کاربکـەن وسەرچاوەی دیکەی ژیانیشیان لە بەردەم دا نی یە.

**دوازدەم**:بەشداریی کردن لەسەر ئاستی عیراق ودەوڵەتان لەو چالاکییانەی کە پەیوەندییان بە تایبەتمەندیی یەکانی وەزارەتەوە هەیە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**سیْزدەم:** مۆڵەت پێدانی تایبەتی بەکردنەوەی دایەنگە و دەزگای خێر خوازیی بە کەرتـە جیاوازەکـانی یـەوە وسەر پەرشتی کردنیان بە پێی هەڵو مەرجی تایبەت بەوانەوە.

**چواردەم:** گرنگی دانی پێویست بە نەوەی نوێ و وەگەڕ خستنی هەموو تواناکانیان بۆ خزمەت وگەشەپێدانی کۆمەڵگا، ئەمەش بە هەماهەنگی دەبێ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دا.

**پازدەم:** هەماهەنگی کردن لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی کە کاردەکەن بۆ بـەدیهێنانی هـەمان ئامانجەکانی وەزارەت لەگەڵ بەدووا دا چوونی چالاکی یەکانی .

**شازدەم:** گرنگی دان بە گیراوەکانی ناو دەزگاکانی چاکسازیی کۆمەلایەتی ودابین کردنی پێویستی یەکانیان بۆیان بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ پێوەرە دەوڵەتیەکان ومافی مرۆڤــ دا بگونجێ وکاریش بۆ شیاندنی بکرێ بۆ تێکەلاوکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگا بە هاریکاری کردن لەگەڵ مەڵبەندە پەیوەندیدارەکان دا.

**حەڤدەم:** هاندانی باس ولێکۆڵینەوەی تایبەت لە بارەی دیاردە کۆمەلایەتی یـە جیاجیاکـان لەگـەڵ لایـەنی پەیوەندیدار بدرێت.

**هەژدەم:** دابین کردنی ماڵی حەوانە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ئەمانی کۆمەلایەتی و خێزانییان لەدەست داوە.

**نۆزدەم:** رێکخـستنی پەیوەنـدیی لـە نێـوان کریکـار و خـاوەن کـار و کـارکردن لـە پێنـاوی پێـشنیازکردنی یاساکاریی پێویست بەوانەوە.

**بیستەم:** کارکردن لە پێناوی بنیاتنـانی پـرۆژەی وەبـەرهێنان بـۆ گەشـەپێدانی داهاتـەکانی وەزارەت و بـۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی خودی بۆ دابین کردنی پارەی پرۆژەکان.

**بیست ویەکەم:** هەماهەنگی کردن لەگەڵ زانکۆکان ومەڵبەندەکانی تۆژینەوەی کۆمەلایەتی بە جۆرێکی وا کە ئامانجەکانی وەزارەت بێنێتە دی.

**بیست ودووەم:** رێکخستنی بازاڕی کار بەجۆرێکی وا مـافی کریکـارە خـۆجێ یـەکان دابـین بکـات وپێـشنیازی یاساکاری پێویست بکات بۆ ئەو مەبەستە.

## - پێکهاتەکانی وەزارەت-

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:-

**یەکەم: وەزیر:** سەرۆکی باڵای وەزارەتـە وبەرپرسـە لـە بـەرێوەبردنی کارەکـانی وسەرپەرشـتی وچـاودێری کردنی چالاکی یەکانی و،لەوەوە ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانە دەردەچـن کـە پەیوەنـدییان بـە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەستەڵات و هەموو کاروبـارە هونـەری ودارایـی وکـارگێریی ورێکخستن بە پێ ی حوکمـەکانی یاسـاوە هەیـە و بەرپرسـە بەرامبـەر ئەنجومـەنی وەزیـران بـەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیـە هەنـدێك لـە دەسـەڵاتەکانی بـدات بـە بریکاری وەزارەت یا بەرێوەبەرە گشتیەکان یان هەر کەسێکی لەوەزارەتدا بە شیاوی دەزانێ.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم: بریكاری وەزارەت:** یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەكردنی كاروباری وەزارەت وسەرپەرشتی كردنی كارەكانی لە چوارچێوەی ئەو دەستەڵاتانەی كە لەلایەن وەزیرەوە پێی دەدرێ و دەبێ بڕوانامەی زانكۆی هەبێت.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:نووسینگەی بریكاری وەزارەت:** فەرمانبـەرێك بەپلـەی بەڕێوەبـەر بـەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامـەی زانكۆی هەبێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: راوێژكاران:** ژمارەیان لـە چـوار كـەس زیـاتر نـابێ ودەبـێ خـاوەن بڕوانامـەی زانكـۆبن و خـاوەن شارەزایی و كارامەیی بن.

**شەشەم:پشكنێری گشتی:** بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێ وژمارەیەك لە فەرمانبەرانی خـاوەن شـارەزایی وپـسپۆڕیی یاریـدەی دەدەن وراسـتەوخۆ بـە وەزیـرەوە دەبەسـترێتەوە فەرمانگـەكانی چـاودێری كۆمەڵایەتی وتۆری پاراستنی كۆمەڵایەتی وخانەكانی دەوڵەت وچاكسازیی كۆمەڵایەتی دەپشكنێ.

**حەوتەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێریی ودارایی:** بەڕێوەبـەرێكی گـشتی بـەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت.

**هەشـتەم: بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی كـار و بیمـی كۆمەڵایـەتی:**بەڕێوەبـەرێكی گـشتی بـەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی یە گشتی یەكانی چاودێری وگەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە پارێزگاكانی هەرێم دا:** هەر یەك لەوانە بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت وخاوەن شـارەزایی وكارامەیی بێت.

**دەیەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاكسازیی كۆمەڵایەتی:**فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبـەری گـشتی بـەڕێوەی دەبات وئەمانەی پێوە دەلكێ:-

١- بەڕێوەبەرایەتی چاكسازیی گەوران لەهەر پارێزگایەك لە پارێزگاكانی هەرێم.

٢- بەڕێوەبەرایەتی چاكسازیی ژنان ومنداڵان لەهەر پارێزگایەك لە پارێزگاكانی هەرێم.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنێك لە وەزارەتدا پێكدەهێنری بەناوی (ئەنجومەنی وەزارەتی كار وكاروبـاری كۆمەڵایـەتی) ولەمانە پێك دێ:

**یەكەم: وەزیر:** سەرۆكە.

**دووەم: بریكاری وەزارەت:** ئەندامە و لەكاتی ئامادە نەبوونی وەزیر سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكانی ئەنجومـەن دەكات.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەت: ئەندامن.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**چوارەم**: نوێنەرێك لە هەريەك لە وەزارەتەكانى دادو فێركردنى بالاّ وتوێژينەوەى زانستى و پەروەردە و مافى مرۆڤــ و تەندروستى و رۆشنبيرى كە پلەيان لە بەرێوەبەرى گشتى كەمتر نەبىّ: ئەندامن.

**پێنجەم**: نوێنەرێك لە يەكێتى گشتى سەنديكاكانى كريكاران لە هەرێم : ئەندامە.

**شەشەم**: نوێنەرێك لە يەكێتى ژوورە پيشەسازى وبازرگانى يەكان لە هەرێم: ئەندامە.

**حەوتەم**: نوێنەرێك لە يەكێتى يەكانى ئافرەتان وژنان لە هەرێم: ئەندامە.

**هەشتەم**: نوێنەرێك لە يەكێتى يەكانى كەم ئەندامان لە هەرێم : ئەندامە.

**نۆيەم**: سىّ كەسى خاوەن شارەزايى وپسپۆرى لە دەرەوە يـان لـە نـاوەوەى وەزارەت لەسـەر پێـشنيازى وەزير : ئەندامن

**ماددەى پێنجەم:**

ئەنجومەن هەر سىّ مانگ جاريك بەلانى كەم كۆدەبێتەوە ووەزير بۆى هەيە داواى كۆبوونەوەى نـا ئاسـايى لە كاتى پێويست دا بكات.

**ماددەى شەشەم:**

ئەنجومەن ئەم دەستەلاّتانەى خوارەوەى دەبىّ:

**يەكـــەم**: نەخشەكێـشانى سياسـيەتى گـشتى وەزارەت ودەرخـستنى ئامانجــەكانى لەبــەر رۆشــنايى حوكمەكانى ئەم ياسايە ودەسنيشان كردنى بنەماى كـارگێرى وهونـەريى وئـابوورى ودارايـى وا كە بەلايەوە پەيرەو كردنى لە وەزارەت دا خزمەتى بەديهێنانى ئامانجەكانى دەكات.

**دووەم**: وتووێژكردن لەسەر پلانى بەرايى كورت ومام ناوەنديى و درێژ خايەن كە فەرمانگەكانى وەزارەت ئامادەى دەكەن لەگەلّ دەربڕينى بيروڕا بەرامبەريان و پێش كەش كردنـى راسـپاردەى گونجـاو لەبارەيانەوە.

**سێيەم**: پێشنيازكردنى رێكخستنى وەبەرهێنانى سـەرمايەى زێـدەى فەرمانگـەكانى سـەر بـە وەزارەت ، لەگەلّ دەرخستنى رووەكـانى وەبـەرهێنان بـە پـىّ ى پێويـستى يـەكانى بەرژەوەنـديى گـشتى ويـاسا كار پێكراوەكان ورێنمايى يە  دارايى يەكان.

**چــوارەم**: چـاودێرى كردنـى جـىّ بـەجىّ كردنـى پلانـەكان بـە شـێوەيەكى دەورى ودەربـڕينى تێبـينى وراسپاردە لە بارەيانەوە.

**پێنجەم**: لێكۆلّينەوە لە پرۆژەكانى ئەو ياسايانەى كە وەزارەت دەيەوىّ پێشنيازيان بكات.

**شەشەم**: وتووێژكردن لەسەر راپۆرتى گشتى خولى لە بارەى ئـەو كارانـەى وەزارەت، كـە فەرمانگـەكانى پــلان و بەدواداچــوون ئامــادەى دەكــەن لەگــەلّ دەربــڕينى تێبــينى وپــێش كــەش كردنــى راسپاردەكان لە بارەيانەوە.

**حەوتــەم**: لێكۆلّينـەوە لـە هـەموو ئەوانـەى كـە وەزير دەيـان خاتـە بـەردەم لەگـەلّ دەربـڕينى بيروڕا لەبارەيانەوە وپێش كەش كردنى پێشنياز وراسپاردەى گونجاو.

ئــــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** ئەرك و تایبەت مەندی یەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕە و دەسنیشان دەکرێن.

**دووەم**: وەزیــر بــۆی هەیــە بــە پــێ ی پێویــستی کــاری وەزارەت بەرێوەبەرایــەتی ومەڵبەنــدی لێکۆڵینــەوە وبــاس وبــەش وهۆبــەکان لــە نــوێ دابمــەزرێنێ یــان لێکیــان بــدات یــاخود هەڵیان وەشێنێتەوە ئەگەر پێویستی کرد.

**سێیەم**: وەزیر بۆی هەیـە رێنمـایی پێویست بـۆ ئاسـانکاری جـێ بـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گـەر لــەگەڵ حوکمــەکــانی ئــەم یــاســایــە نــاکۆك بێت.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەرئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئــەم یـــاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

یاسـای ژمـارە(٣٤)ی سـاڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتـی کـار وکاروبـاری کۆمەڵایـەتی هـەرێمی کوردسـتان هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونی یەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقـائیعی کوردسـتان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق**

**هــەولــێر**

٣/ جۆزەردان/٢٧٠٧ی کوردی

٢٤ / ایار / ٢٠٠٧ زاینی

٧ / جماد الاول / ١٤٢٨ کۆچی

ئــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## - هۆیە پێویستی یەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -

لــە پێنــاوی بــەدی هێنــانی ئــەو پەرەســەندن و گۆڕانکــاری یــە کۆمەڵایەتییانــەی کــە لــە کوردســتانی عــیراق دا لەســایەی سیــستەمی فیــدرالی ڕوویــان داوە و بــۆ ڕۆیــشتن لەگــەڵ ئــەو پەرەســەندنەی کــە لــەو بــوارەدا هاتۆتــەدی وبــۆ گونجــان لەگــەڵ ئــەو گۆڕانکارییانــەی کــە لــە بــاری کــارکردن و بەرزبوونــەوەی ئاســتی تــەکنیکی و ڕۆشــنبیریی و ئــابووری چــینی کریکــاران لــە هــەرێم دا ڕوویــان داوە. هــەروەها لــە پێنــاوی پێویــستی فــراوان کــردن و پەرەپێــدانی خزمــەت گــوزاری یــە کۆمەڵایــەتی یــەکان و پتــەوکردنی چــالاکی یــە پەیوەندیــدارەکان بــە سیاســەتە کۆمەڵایــەتی یــەکان وچەســپاندنی چــەمکەکانی دیموکراتییــەت و مافــەکانی مــرۆڤ ودانــانی رادەیــەك بــۆ دیــاردەی هــەژاری وبــێ کــاری وگەشــە پێکردنــی داهــاتی مرۆڤایــەتی و دابــین کردنــی مــافی خــاوەن پێویــستی یــەکان، ئــەم یاســایە دەرچووێنرا.

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com